# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 17 | تشرینی یەكەمی 2011

## لـــەم ژمارەیـــــەدا

سەرۆكی نوێی نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان لەگەڵ هەموو لایەنە عیراقییەكان كۆدەبێتەوه ................. 1

نەتەوە یەكگرتووەكان لەگەڵ هاوبەشكارە عیراقی و جیهانییەكان یادی ٦٦ەمین ساڵیادی دامەزراندنی دەكاتەوە ............................................. 2

كۆبلەری سەرۆكی یونامی سەردانی قەڵای هەولێر دەكات ............................................. 3

بەرپرسانی عیراق بەشداری لە خولی یاسای پەنابەری دەكەن ............................................. 4

دستت بشۆ و ژیانت بپارێزە- رۆژی جیهانیی دستشۆردن لەلایەن هەزاران منداڵەوە لەسەرتاسەری عیراق راگەیەندرا ................................ 5

كورتە هەواڵ ........................................ 6

لیستی كورتكراوەی ناوەكانی ئاژانسەكانی نەتەوە یەكگرتووەكان ........................................ 8

# سەرۆكی نوێی نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان لەگەڵ هەموو لایەنە عیراقییەكان كۆدەبێتەوە



لەیەكەم لە زنجیرە كۆبوونەوە باڵاكانی بەدرێژایی مانگەكە، نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان مارتن كۆبلەر(لای چەپ) لە ٩ تشرینی یەكەمی ٢٠١١ لەگەڵ وەزیری دەرەوەی عیراق هۆشیار زێباری كۆبۆوە
وێنە: بەشی راگەیاندنی یونامی

”شانازیە بۆ من كە لێرەبم و بەشداری لە خزمەتكردن و هاوكاریكردنی عیراق و خەڵكەكەی بكەم لە كاتێكدا كە وڵاتەكە بە قۆناغێكی هەستیاردا تێپەڕ دەبێت بەرەو دەوڵەتێكی سەقامگیر و خۆشگوزەران ”. ئەمە قسەی نوێنەری تایبەتی سكرتێری گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان و سەرۆكی نێردەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ هاوكاریكردنی عیراق (یونامی ) مارتن كۆبلەرە.

هەر بەگەیشتنەجێی لە ٨ی تشرینی یەكەمی ٢٠١١ بۆ بارەگای سەرەكی نێردەكە لە بەغداد ئەو نوێنەرە بەڕێزە سەرنجەكانی خۆی خستەروو و گوتیشی كە ئەو ”زۆر بەتاسەوە دەڕوانێتە لەنزیكەوە كاركردن لەگەڵ حكومەتی عیراق و ئەنجومەنی نوێنەران و دەزگاكانی دەوڵەت و كۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی بەیەكەوە لەگەڵ خانەوادەی نەتەوە یەكگرتووەكان لەعیراق بۆ جێبەجێكردنی ئەركەپێسپێردراو(ماندێت)ەكە وەك پشتگیرییەك بۆ ئاواتەكانی عیراق و خەڵكەكەی بۆ ئایندەیەكی باشتر.

هەر لە دەستبەكاربوونیشییەوە ئەو نوێنەرە تایبەتە تازەیەی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ عیراق كەوتووەتە جموجۆڵ بۆ كۆبوونەوە لەگەڵ بڕیاربەدەست و كۆمەڵگا سەرەكییەكانی عیراق.

ئەو بەزنجیرەیەك سەردانی سەركردایەتیی عیراق دەستپێكرد، بە سەرۆك كۆمار جەلال تاڵەبانی و سەرۆك وەزیران نوری مالیكی و وەزیری دەرەوە هۆشیار زێباریشەوە.

بەڕێزی ئەم كۆبوونەوانەی قۆستەوە بۆ سوپاس دەربڕین بۆ هەر یەك لە سەركردەكان و هاوكاریی گرنگیان و پشتگیرییان لە یونامی و تیمی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ عیراق و هەروەها بۆ زیاتر پەیبردن بەو گرفتە سەرەكییانەی كە دێنە پێش وڵاتەكە لە بوونی بە دەوڵەتێكی تەواو دیموكرات و ئارام و خۆشگوزەران. بەڕێز كۆبلەر كە پێشتر وەك باڵیۆزی ئەڵمانیا لە عیراق خزمەتی كردووە، خۆشحاڵ بوو بە تێبینیكردنی ئەو عیراقەی ئەو بۆی گەڕاوەتەوە وەك ساڵی ٢٠٠٧ نییە كە ئەوێی بەجێیهێشت.

لە ٢٣ی تشرینی یەكەم بەڕێز كۆبلەر دەستی

> ئێمە بۆ ئـەوە لێرەیـن خزمەتی گــەلی عیـراق بكـــەین

***نوێنەری تایبەتیی سكرتێری گشتی بۆ عیراق بەڕێز مارتن كۆبلەر***

بەیەکەم سەردانی بۆ هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق کرد و لەوێش لەگەڵ سەرکردایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبۆوە.

لەسەردانێکی دوورۆژیدا بەڕێز کۆبلەر چاوی بە سەرکردە باڵاکان کەوت بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کەمال کەرکوکیشەوە.

بەڕێزی بۆ هەموو گفتۆگۆکەران ئارەزووی نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عیراق دووپات کردەوە لە پشتگیریکردنی کاریگەر بۆ هێنانەبەرباسی کارەلەپێشینە نیشتمانییەکان و ئەوانەش کە لەلایەن (هەرێم)ەکەوە دەستنیشانکراون. ئەو لەکۆبوونەوەکانی پوختەیەکیشی سەبارەت بەو دەسکەوتانە کە لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتوون، بەتایبەتیش لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەمدواییە وەرگرت.

هەر یەك هەفتە دواتریش ئەو پەرپرسە هەرەباڵایەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق سەردانی کەرکوکی کرد لە باکووری بەغداد و لەوێش لەگەڵ پارێزگار نەجمەددین کەریم و جێگرەکەی بەڕێز راکان ئەلجبوری و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا بەڕێز حەسەن تورهان کۆبۆوە.

دوای کۆبوونەوەی لەگەڵ بەرپرسانی کەرکوك، بەڕێز کۆبلەر بۆ راگەیاندن دوا و وتی "ئەمە یەکەم سەردانمە بۆ کەرکوك و من ویستم دڵنیابم کە بە زووترین کاتی دوای دەستبەکاربوونم بێمە ئێرە. بەدڵنیاییشەوە ئەمە دوا سەردانم نابێت چونکە بۆ ئێمە کەرکوك و سنوورە کێشەلەسەرەکان کاری لەپێشینەن. لە هەمووشیان گرنگتر، هەموو ئەوانەی تا ئێستا قسەم لەگەڵ کردوون داوای یارمەتیمان لێ دەکەن بۆ پێشکەشکردنی شێوازێکی بەرەوپێشبردن بۆ هێنانەبەرباسی پرسە هەڵپەسێردراوەکان کە پێویستییان بە چارەسەر هەیە".

بەڕێز کۆبلەر لەگەڵ نوێنەری کریستانەکانیش کۆبۆوە وتی "عیراق بە جۆراوجۆربوونی ئاینی و مەزهەبی دەوڵەمەندە و هەموو نەتەوەکانیش بەشدارییان لە دروستکردنی عیراقدا هەیە کە تێیدا بەهاکانی لێبووردەیی و رێزگرتن لە بیروباوەڕی خەڵکانی تر و جیاوازینەکردن دەبنە بناغەیەك بۆ کۆمەڵگایەکی تەندروست". وەك کارێکی لەپێشینەش، بەڕێز کۆبلەر ئاماژەی بەوەدا کە ئەو نیازی وایە هەرچی زووە لەگەڵ نوێنەرانی نەتەوەکانی تریش کۆببێتەوە.

دوا سەردانی کۆبلەر لەو مانگەدا بۆ بەسرە بوو لە دەکەوێتە خوارووی وڵات بۆ ئەوەی پابەندیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تەواوی خەڵکی عیراق دووپات بکاتەوە. لەم سەردانەیدا ئەو لەگەڵ پارێزگاری بەسرە خەلەف عەبدولسەمەد و سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگا سەباح ئەلبەزۆنی و لەگەڵ گەنجانیش کۆبۆوە.

ئەو لە قسەکانیدا بۆ گەنجان لە زانکۆی بەسرە وتی "گەنج هیوای دوارۆژی ئەم وڵاتەیە و من زۆر حەز دەکەم گوێیان لێبگرم سەبارەت بە نیگەرانی و پێشبینییەکانیان لە سەرکردەکانی وڵات و لە ئێمەش وەك نەتەوە یەکگرتووەکان." هەروەها وتی "ئێمە لە مانگەکانی داهاتوودا و وەك کاری لەپێشینەمان، نیازمان وایە کە زیاتر جەخت بخەینە سەر پرسی گەنج چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین کە بۆ دابینکردنی ئایندەیەکی پڕشەنگدار بۆ وڵاتەکە ئەمە باشترین وەبەرهێنانە."

بەرێز کۆبلەر، کە بە رەچەڵەك ئەڵمانییە، بە فەرمی لەلایەن سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەك نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق و سەرۆکی یونامی لە ١١ی ئابی ٢٠١١ دامەزرێندرا. ئەو شوێنی بەڕێز ئاد مێلکەرتی هۆڵەندیی گرتەوە کە لە تەموزی ٢٠٠٩ تا ئابی ٢٠١١ لە عیراق خزمەتی کردبوو.

پێش دامەزرانیشی لەعیراق، بەڕێز کۆبلەر لە مانگی ئاداری ٢٠١٠ەوە جێگری نوێنەری تایبەت (بۆ کاروباری سیاسی) بوو لە ئەفغانستان. ئەو ئەزموونی زۆر فرەی لە گەشەپێدانی سیاسەت هەیە بۆ ئەو ناوچانەی شەڕیان تێدایە چونکە لەلایەکی تریشەوە ٢٥ ساڵ خزمەتی لە (وەزارەتی دەرەوەی) وڵاتەکەیدا هەیە. پێشتریش وەك بەڕێوەبەری گشتی بۆ کەلتوور و پەیوەندی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیادا کاری کردبوو و هەروەك چۆن لە مسیر و عیراقیش باڵیۆز بووە.

## رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان

# نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ هاوبەشکارە عیراقی و جیهانییەکان یادی ٦٦ەمین ساڵیادی دامەزراندنی دەکاتەوە



لەچەپەوە بۆ راست: جێگری سەرۆك وەزیران رۆژ شاوێس و نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر و جێگری سەرۆك وەزیران حوسێن شەهرستانی و وەزیری دەرەوە هۆشیاری زێباری لە ئاهەنگی یادکردنەوەی رۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغددا. وێنە:سەرمەد ئەلسافی /بەشی راگەیاندنی یونامی

خانەوادەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعیراق لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانی بەغداد یادی ٦٦ەمین ساڵیادی دامەزراندنی ئەو دەزگا جیهانییەی کردەوە بە یەشداریی جێگرانی سەرۆك وەزیرانی عیراق د. رۆژ نوری شاوێس و د. حوسێن شەهرستانی و وەزیری کاروباری دەرەوە بەڕێز وشیار زێباری و ژمارەیەکی زۆری بەرپرسانی باڵای عیراقی و نوێنەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و سەرۆکی نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق (یونامی ) مارتن کۆبلەر هەندێ لە دەسکەوتە شاکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی خستەروو کە گۆڕانیان لە ژیانی عیراقییەکان دروست کردووە، بەتایبەتیش لە بوارەکانی هەڵبژاردن و فەرمانڕەوایی و چاکسازیی کەرتی گشتی و سەروەریی یاسا و دژەگەندەڵی و

## ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان

پەروەردە و تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتە بنەڕەتییەکاندا.

وێڕای دووپاتکردنەوەی ئەوەی کە یونامی لە عیراق، بە یەکەوە لەگەڵ تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق، کار دەکات لەسەر چڕکردنەوەی هەوڵەکانی گەشەپێدان لە ٣ بواری سەرلیستەی وەك گەنج و ئاو و ژینگەدا، بەڕێز کۆبلەر وتیشی "ئێمە دەتوانین زیاتر بکەین و ئامادەشین یارمەتیی زیاتر پێشکەش بکەین. ئێمە بۆ هێنانەبەرباسی گرفتەکانی خەڵکی عیراق لێرەین. ئێمە بۆ یارمەتیدانی عیراق لێرەین چونکە ئاستەنگەکانی بەردەم عیراق پێویستە لەلایەن عیراقییەکان خۆیانەوە باسیان لێوە بکرێت".

بەڕێز جیگری سەرۆك وەزیران د. شاوێس لە وتاری خۆیدا وتی "ئێمە لە عیراق باش لە مانای هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتوهوەکان و بەرنامە مرۆیی و گەشەپێدانەکانی دەگەین. هەروەها ئەو جێگرە بەڕێزە سەری ڕێزیشی بۆ سێرجیۆ دی میلۆ و هاورێکانی دانەواند کە لە عیراق گیانی خۆیان بەخت کرد کاتێك کە "سەرقاڵی دروستکردنی پلان بوون بۆ بەشداربوون لە دروستکردنەوەی عیراقی تازەدا".

لەلایەکی تریشەوە جێگرێکی تری سەرۆك وەزیران د. حوسێن شەهرستانی ستایشی بەشدارییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد لە یارمەتیدانی خەڵکی عیراق لە دروستکردنی عیراقێکی تازەی سەربەخۆ و دیموکراتدا بەتایبەتیش ئاماژەی بە دەوری گرنگی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە "ڕێکخستنی هەڵبژاردنی ئازاد و بێگەردا بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی نوێنەرایەتیی ویستی ئازادانەی خەڵکی عیراق دەکەن".

بەڕێز وەزیری دەرەوە هۆشیار زیباریش ئاماژەی بۆ پشتگیرییەکانی یونامی لە دروستکردنی توانای کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردندا کرد وەك یەکێك لە چەندان دەسکەوتی تری نەتەوە یەکگرتووەکان لە وڵاتدا و وتی "حکومەتی عیراق دارایی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی لە تونس دابینکردووە بۆ پشتگیریکردن لە هەڵبژاردنەکەیان. عیراقی تازە شانبەشانی خەڵك و دیموکراتی دەڕوات".

بەڕێز زێباری وتیشی "حکومەتی عیراق پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ یونامیدا هەیە و ئەو دەورەش کە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گێڕاویانە لە ئاوەدانکردنەوە و تواناسازی لە عیراق بەراستی پڕبەهایە. بەڵام، وێڕای دانان بە کار و دەسکەوتەکانی ئەو ئاژانسانە، گرنگیشە ئاماژە بەوە بکرێت کە بۆ ئەوەی ئەم سەرکەوتنانە زیاتر کاریگەر و پتەو بن پێویستە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر لە عیراق ئامادەبوونیان هەبێت. حکومەت پابەندە بە دابینکردنی کەشێکی ئارام بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراقدا".

نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق لە نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاریکاریی عیراق (یونامی ) و ٢٠ ئاژانسی تری نەتەوە یەکگرتووەکان و بەرنامە و سندووقەکان پێکهاتووە کە ١٦یان لە وڵاتدا کاران. ڕێکخراوەکە بەیەکەوە لەگەڵ حکومەتی عیراق و کۆمەڵگەی مەدەنی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار دەکات بۆ پشتگیریکردنی هەنگاوەکانی عیراق بەرەو ئایندەیەکی زیاتر ئارام و خۆشگوزەران.

نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ دامەزرا کاتێك کە دەستوورەکەی لەلایەن زۆربەی ٥١ وڵاتە ئەندامە بنەڕەتییەکە پەسند کرا. ئێستا ١٩٣ وڵات لەم ڕێکخراوە ئەندامن و (ساڵیاد)ەکەش هەموو ساڵێ لەسەرتاسەری جیهاندا وەك (ڕۆژی نەتەوە یەکگرتووەکان) یادی دەکرێتەوە بۆ باسکردنی کار و دەسکەوتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو سەقامگیری و گەشەپێدان و شکۆی مرۆیی.

## گەشەپێدان

# کۆبلەری سەرۆکی یونامی سەردانی قەڵای هەولێر دەکات

نوسینی: مەی شاعیر و کارۆلاین فیشەر (یونێسکۆ)



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان مارتن کۆبلەر لە ٢٢ی تشرنی یەکەمی ٢٠١١ بەناو قەڵای مێژوویی هەولێردا. وێنە:بیکەم ئەکبەرزادە /بەشی ڕاگەیاندنی یونامی

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق بەڕێز مارتن کۆبلەر لە ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ گەشتێکی بەناو قەڵای هەولێردا کرد و سەردانی باڵەخانە کلتوورییەکانی و "پڕۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر"ی کرد کە ئێستا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کلتوور (یونێسکۆ) و کۆمسیۆنی باڵی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر جێبەجێیدەکەن.

نوێنەری تایبەت لەلایەن نوێنەری کۆمسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵا و بەڕێوەبەری شوێنی پرۆژەکە ڕەنان خەسرەو تۆفیق و کارمەندانی یۆنێسکۆ لە عیراق پێشوازیی لێکرا.

لەوسەردانەدا بەڕێز کۆبلەر بایەخی بە مێژوو و کەلەپووری کلتووریی قەڵا دەربڕی و سەرسام بوو بە هەوڵەکانی ئێستای دەسەڵاتدارانی کوردستان و یۆنێسکۆ بۆ شیاندنەوەی قەڵا.

قەڵای هەولێر بەڵگەی چەندین هەزار ساڵ ژیانی مرۆڤە و یەکێکیشە لە کۆنترین شوێنەکانی جیهان کە بەردەوامی ژیانی تێدایە. بەرزیی قەڵا ٢٢ تا ٣٤ مەترە لەچاو شارەکەی دەوروبەری و باوەڕ وایە گردەکە خۆی لە کەڵەکەبوونی چەند چینێکی یەکبەدواییکی ئەرکیۆلۆجی پێکهاتبێ و پێدەچێ مێژووەکەی بەلای کەمەوە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئوبەید (٤٠٠٠ ساڵی پێش زایین).

ئەگەرچی تا ئێستا هیچ هڵکەندن و لێکۆڵینەوەی ئارکیۆلۆجیی سیستماتیك لە قەڵادا نەکراوە، بەڵام هەولێر خۆی زۆر لە تێکستە مێژوویەکان و نوسینە بزمارییەکانی تابلۆ قوڕینەکاندا

## گەشەپێدان

ناوی هاتووە. هەولێر لە سەردەمی ئیمپراتۆریی سۆمەریی نوێ و سەردەمی ئاشووریی کۆن (٢٠٠٠ تا ١٥٠٠ ساڵی پێش زایین) و میتانی (١٥٠٠ تا ١٣٥٠ ساڵی پێش زایین) و ئاشووری (١٣٦٠ تا ١٠٠٠ ساڵی پێش زایین) و ئیمپراتۆریی ئاشووریی نوێ (١٠٠٠ تا ٦٢٠ ساڵی پێش زایین) ناسراو بووە. هەروەها زانراویشە کە بنکەی داریوشی سێیەم بووە لەکاتی دوا هەڵمەتی دژی ئەسکەندەری گەورە ساڵی ٣٣١ی پێش زایین.

پێکهاتەی شاریی ئێستای قەڵا نزیکەی ١١ هێکتار زەوی دەگرێتەوە و ئەو باڵەخانانەی کە ئێستا لە قەڵا ماون بەشێوەیەکی سەرەکی خانوون کە هی ناوەڕاستی سەدەی هەژدە بەسەرەوەن. ژمارەیەکی زۆر کەمی خانووەکان دوای ساڵی ١٩٣٠ دروستکراون و زۆریشیان دواتر لەسەر مۆدێلی نوێتر دروستکراونەتەوە.

ئەم قەڵا مێژووییە شوێنێکی گرنگی هەیە لەناو جەرگەی شاری هەولێر. قەڵا گرنگییەکی ڕەمزیی مەزنی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان هەیە و لە ساڵی ٢٠١٠ەوە خراوەتە لیستی کاتیی عیراق بۆ کاندیدی کەلەپووری جیهانی. بە دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای نۆژەنکردنەوەی قەڵا، یونێسکۆ لە ساڵی ٢٠٠٧ەوە هاوکاریی تەکنیکی پێشکەش دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو پرۆژەیە.



(قەڵای هەولێر)، کە ٢٢ مەتر لە شاری دەوروبەری بەرزترە، یەکێکە لەو شوێنە جیهانییانەی کە بەدرێژایی مێژوو ئاوەدانی لێبووە (وێنە:HCHR )

لەپاش سەرکەوتنی قۆناغی یەکەم کە دروستکردنی (ماستەرپلانی پاراستن و شیاندنەوەی قەڵا)ی لێکەوتەوە، یونێسکۆ لە عیراق ئێستا لە ناوەڕاستی قۆناغی دووەمی (پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی قەڵای هەولێر)ە.

ئامانجی گشتیی قۆناغی دووەم بریتییە لە "دەستەبەرکردنی نۆژەنکردنەوە و پەرەپێدانی درێژخایەنی قەڵا بە جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی پاراستن و گێرانەوە بەپێی باشترین ئەزموونەکان و هاوکات بەهێزکردنی توانا نیشتیمانییەکان لە بواری پاراستنی کەلەپوور و بەمەش بەشداری دەکا لە پەرەپێدانی درێژخایەنی شاری هەولێر لەسەر ئاستی دوور مەودا".

تا ئێستا کاری پاراستنی چوار خانووی هەرە داڕماوی قەڵا نزیک تەواوبوونن و کارکردن لە چواری تریش لە تشرینی دووەمی ٢٠١١ دەستپێدەکات. هەروەها بەرنامەیەکی گشتگری تواناسازی تەواوبووە کە چوارچێوەی سیاسەتی پەرەپێدانی قەڵا و شیاندنەوە و پاراستن و بەکارهێنانی دەستنیشان دەکات، بە چالاکییە ڕۆشنبیرییەکان و گەشتوگوزار و دەرفەتەکانی وەبەرهێنان و نیشتەجێبوونیشەوە.

هەندێ پرۆژەی بەردەوامی تریش هەن وەك لێکۆڵینەوەی سلۆپی قەڵا و دیوارەکانی دەرەوەی کە دەبێتە مایەی پێشنیارکردن بۆ جێگیرکردنیان و لێکۆڵینەوەیەکی تر بۆ چاککردنەوەی ژمارەیەك باڵەخانەی تر کە مەترسیی داڕمانیان لێدەکرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر، تکایە پەیوەندی بکە بە مەی شاعیر m.shaer@unesco.org یان کارۆلاین فیشەر c.fisher@unesco.org

## هاریکاری مرۆیی

# بەرپرسانی عیراق بەشداری لە خولی یاسای پەنابەری دەکەن

کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و (دەزگای جیهانی بۆ یاسای مرۆیی)، کە بارەگاکەی لە سانرێمۆی ئیتالیایە، لە مانگی تشرینی یەکەمدا خولێکی ڕاهێنانی چڕوپڕی لەسەر (یاسای جیهانیی پەنابەری) لە زانکۆی بەرگریی بەغداد ئەنجامدا. لەم خولە پێنج ڕۆژییەدا، کە لەلایەن حکومەتی ئیتالیاوە داراییەکەی بۆ دابینکرابوو، ٤٦ بەرپرسی وەزارەتەکانی مافی مرۆڤ و بەرگری و ناوخۆ و کۆچ و کۆچبەران و دادی عیراق بەشدارابیان کرد.

جێگری وەزیری بەرگری و جێگری وەزیری کۆچ و کۆچبەران و نوێنەرانی وەزارەتی ناوخۆ و باڵیۆزخانەی ئیتالیا و ڕێکخراوی (UNHCR) لە هەردوو ڕێوڕەسمی دەسپێك و کۆتایی ئامادە بوون.

ئەم ڕاهێنانەی هاوبەشەی ڕێکخراوی (UN-HCR) و سانرێمۆ چەند خولێکی لەسەر ئیسلام و پەنابەری و بڕیاردان لەسەر دۆخی پەنابەران و دانوستان لەسەر پاراستن لە مەیدان، و پاراستنی پەنابەران لە دۆخی کۆڕەودا و پاراستنی ئاوارە ناوخۆییەکان و باسکردنی بازرگانیکردنی نایاسایی و بەقاچاغبردنیشی لەخۆ گرتبوو.

یەکێك لەبەشداربووان وتی "ئەنجامدانی ئەم جۆرە خول و کۆبوونەوانە لەگەڵ شارەزایانی ئاژانسەکانی وەك کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) زۆر گرنگە". هەروەها وتی " کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) لە عیراق و لەسەرتاسەری جیهاندا بەباشی ناسراوە بە چاودێریکردنی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان و هەروەك هەموو لایەکیشمان دەزانین کە ١.٢ ملیۆن ئاوارەی ناوخۆ لە عیراقدا هەن".

ئەم خولە گشتییە لەسەر (یاسای جیهانیی پەنابەری) لەساڵی ١٩٨٢ەوە لە سەرتاسەری جیهان پێشکەشکراوە هەرچەندە ئەمە یەکەمجارە لە عیراق ئەنجام بدرێت. خولەکان لەلایەن (دەزگای جیهانی بۆ یاسای مرۆیی )، بە هاوکاری لەگەڵ کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و بە پشتگیریی (نوسینگەی فیدراڵیی سویسری بۆ کۆچ ) و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا (نوسینگەی پەنابەران

و کۆچ و دانیشتوان) و وەزارەتی دەرەوەی ئیتالیا، ڕێکدەخرێن.

(خولەکانی یاسای پەنابەری) وا دارێژراون کە بەشێوەیەکی سەرەکی سوود بەو بەرپرسە حکومییانە بگەیەنن کە بەشدارن لە پێکهێنان و جێبەجێکردنی ئەو یاسا و سیاسەتانەی کە کار دەکەنە سەر ئەو خەڵکانەی پێویستیان بە پاراستن هەیە. هەر بە هەمان شێوەش، خولەکان بۆ هەموو کۆمەڵگەی مەدەنی کراوەن ، بەتایبەتیش ئەوانەی داکۆکی لە پاراستنی ئەو خەڵکە لێقەوماوانە دەکەن  کە بەزۆر  دەرکراون.

خولەکانی (یاسای جیهانیی پەنابەری) چەند مەبەستێکیان هەیە وەك: گەشەپێدانی یاسا و پرەنسیپ و سیاسەتەکانی پەیوەست بە پاراستنی ئەو خەلکانەیە کە پێویستییان بە پاراستن هەیە و؛ دروستکرنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لە نێوان بەشداربووواندا لەبارەی چۆنیەتیی گەشەپێدان جێبەجێکردنی ئەم یاسا و سیاسەتانە لەسەر ئاستی نیشتمانی لەلایەن چەندان پەیوەندیدارەوە و؛ بەهێزکردنی شارەزایی بەشداربووان لە گەشەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەت و پێوەرەکان بە گوێرەی یاسا و پرەنسیپە جیهانییەکان و؛ دروستکردنی هەڵوێستێکی باش لەنێوان بەشداربووواندا لە پێناو پاراستنی پەنابەران و خەڵکی دەرکراوی تر.

لەو ڕاهێنانەدا بەشدرابووان هەلی ئەوەیان بۆ رەخسا کە سەبارەت بە پاراستنی ئاوارە و ئاوارە ناوخۆییەکان کار لێك لەگەڵ ئەو شارەزایانە بکەن کە ئاسانکاری بۆ چەندان دانیشتنی سەرباسی جۆراوجۆری بەرنامەکە دەکەن.   چەندین میتۆدی جیاوازی فێرکردنیش بەکاردەهێندرێن لەپێناو هاندانی بەشداران بۆ ئەوەی ئەو زانیاری و شارەزاییەی بەدەستیانهێناوە بە شێوەیەکی کردەیی و شوودبەخش بەکاربخەن لەو وڵاتانەی کاری تێد دەکەن.

نوێنەری کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) لە  عیراق کلێر بۆرژوا، کە لە بەشێکی ئەم خولە ئامادە بوو، لەمبارەوە وتی "ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو زانیاری و شارەزاییەی بەشداربووە حکومییەکان لەم خولەی بەغداد فێری بوون سوودێکی گەورەی بۆ کار و هاوکاریی داهاتووی خۆیان و ڕێکخراوەکەمان دەبێت." هەروەها ئەو وتیشی "ئێمە بە هیواین کە ئەم ڕاهێنانە ببێتە مایەی بەهێزکردنی ئەو خزمەتگوزاریی پاراستنەی پێشکەش بە پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان دەکرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە هێلینا کۆکس بە ئیمەیلی caux@unhcr.org



بەشداربووانی خولی ڕاهێنان سەبارەت بە یاسای جیهانی ئاوارە کە لەلایەن UNHCR و دەزگای جیهانی یاسای مرۆییەوە ئەنجامدرا. وێنە: حەسەن ئەلتەمیمی/ UNHCR

گەشەپێدان

## دستت بشۆ و ژیانت بپارێزە- ڕۆژی جیهانیی دستشۆردن لەلایەن هەزاران منداڵەوە لەسەرتاسەری عیراق ڕاگەیەندرا

سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (یونیسێف) لە ١٥ تا ٢٤ی تشرینی یەکەم لەگەڵ هەزاران منداڵ لەسەرتاسەری عیراقدا ئاهەنگی چوارەمین ساڵیادی (ڕۆژی جیهانیی دەستتشۆردن)یان گێڕا کە ئەمەش گرنگی دەست بە سابوون شووشتن دەردەخات وەك ڕێگەیەکی ئاسان و کاریگەر و هەرزان بۆ پێشگرتن لە نەخۆشی. بە درێژایی چالاکییەکانی ئەو ماوەیەش مامۆستایان و دایکوباوکان و بەرپرسانی حکومی هانی گشت عیراقییەکانیاندا کە دستیان بە سابوون بشۆن بۆ ئەوەی پێش بەو نەخۆشییانە بگرن کە هەرەشە لە ژیان دەکەن وەك زگچوون و نەخۆشییە پڕمەترسییەکانی هەناسەدان.

بەشێوەیەکی گشتی، زیاتر لە ١٨٠٠٠ منداڵی عیراقی لە ٣٦ قوتابخانە بە گۆرانی و نواندن و پێشبڕکێی وێنەکێشان بەشدارییان کرد لە یەکتر فێرکردن سەبارەت بە گرنگیی دەست بە سابوون شۆردن. لەلایەکی تریشەوە، یونیسێف سابوون و پاکەتی پاکڕاگرتنی تەندروستیی بەسەر قوتابخانە بەشدارەکاندا دابەش کرد  و بە هاوبەشکاریش لەگەڵ کۆمپانیای (زەینی عیراقی) هەڵمەتی یەك هەفتەیی کورتەنامەی دەستپێکرد بۆ بەبیرهێنانەوەی ملیۆنان عیراقی سەبارەت بە گرنگیی دەستشۆردن.

مەبەست لە چالاکییەکان بڵاوکردنەوەی پەیامێکی ڕزگارکەری ژیان بوو کە بریتییە لە (دەستت بشۆ و ژیانت بپارێزە). لە عیراقیش، توشبوون بە نەخۆشییەکانی هەناسەدان و زگچوون دووانن لە هۆکارە سەرەکییەکانی مردنی منداڵانی خوار پێنج ساڵ. لە ڕاستیدا دەست بە سابوون شۆردن زیاتر بەشێوەیەی ڕاستەوخۆ و هەرزانتر لە هەر پێکوتەیەك پێش لە نەخۆشی دەگرێت .

دەست بە سابوون شۆردن لە کاتە هەرەپێویستەکاندا، وەك دوای چوونە ئاودەست یان پێش نانخواردن، کارێکی ئەوەندە ئاسان و لواوە کە دەتوانێت نەخۆشی زگچوون  لە نێوان منداڵانی خوار پێنج ساڵە بە نزیکەی ٥٠٪  و نەخۆشییەکانی هەناسەدان بە ڕێژەی ٢٥٪ کەم بکاتەوە.

لەمبارەوە گەورە ڕاوێژکاری ڕێکخراوی یونیسێف سێرسێ دۆلێی وتی "سابوون کەم نییە و زۆربەی ماڵە هەژارەکانیش هەیانە، بەس گرفتەکە لەوەدایە کە بە زۆری بۆ جلشۆردن و خۆشۆردن بەکار دەهێنرێت بەڵام بەکەمی بۆ دەستشۆردن. هەروەها ڕاوێژکارەکەی یونیسێف ئەوەشی ڕاگەیاند کە ڕێکخراوەکەی حەز دەکات لەوە دڵنیا بێت کە دەست بە سابوون شۆردن لە گشت وڵاتەکان  بووە بە نەرێت.

زۆر حکومەت لەسەرتاسەری جیهاندا ئێستا (ڕۆژی جیهانیی دەستشۆردن) وەك

## گەشەپێدان

یادێکی نیشتمانی پێڕەو دەکەن. لە عیراقیش، وەزارەتەکانی تەندروستی و پەروەردە لەم ٣ ساڵەی رابردوودا ئەم یادەیان کردووەتەوە و بۆ ئەمساڵیش هەردوو وەزارەتەکە گەڵ یونیسێف بەشداری لەم یادکردنەوەیە دەکەن.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە جایا مۆرسی لە یونیسێفی عیراق jmurthy@unicef.org

مۆبایل : ٩٦٢٧٩٦٩٢٦١٩٠ +

یان پەیوەندی بکەن بە سەلام عەبدولمونعیم لە وونیسێفی عیراق sabdulmunem@unicef.org

مۆبایل : ٩٦٤٧٨٠٩١٢٦٧٨٢ +




لە ئاهەنگی چوارەمین یادی (رۆژی جیهانیی دەستشۆردن)دا منداڵانی عیراق بەشدرای لە چالاکییەکان دەکەن و گرنگی دەست بە سابوون شۆردنیش دەردەخەن (وێنە: یونیسێف/عیراق)

## کورتە هەواڵ

# حکومەتی عیراق و رێکخراوی جیهانیی خۆراك (WFP) دەست بە بەرنامەی خۆراکی قوتابخانە دەکەن

بەمەبەستی هاندانی خێزانە هەژار و بێدەرامەتەکان بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بنێرنە قوتابخانە، وەزارەتی پەروەردەی عیراق و رێکخراوی خۆراکی جیهانیی نەتەوە یەکگرتووەکان بە هاتنی ساڵی خوێندنی ٢٠١٢/٢٠١١ دەستیان بە بەرنامەی خۆراکی قوتابخانە کرد.

مەبەست لەم دەستپێشخەرییە هاوبەشە دەستگەیشتنە بە زیاتر لە ٥٥٠٠٠٠ قوتابیی سەرەتایی لە نزیکەی ١٨٠٠ قوتابخانەی ٢٤ ناوچەی هەرە بێدەرامەتی وڵاتدا. خۆراکەکە بۆ باشکردنی دۆخی خۆراکپێدانی منداڵان و ئامادەبوون و هێشتنەوەی توانای تەرکیزکردنیانە لە پۆلدا. ئێستا نزیکەی ٧.٥ ملیۆن عیراقی لەژێر هێڵی هەژاریی ٢ دۆلار لە رۆژێکدان.

لە مانگی ئابی ٢٠١٠دا ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق (بەرنامەی نیشتمانیی خۆراکی قوتابخانە)ی پەسند کرد. داواش لە رێکخراوی خۆراکی جیهانیش کرا کە پشتگیری لە جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بکات و وەزارەتی پەروەردەش وا بەتوانا بکات کە بتوانێت ئەم بەرنامەیە لە ساڵی ٢٠١٢ بگرێتە ئەستۆی خۆی.




حکومەتی عیراق و رێکخراوی WFPی هاوبەشی دەکەن بۆ یارمەتیدانی زیاتر لە ٥٥٠٠٠٠ منداڵ وەك بەشێك لە بەرنامەی نیشتیمانیی خۆراکپێدانی قوتابخانە. وێنەگیراوان: نوێنەری رێکخراوی WFP لە وڵات ئێدوارد کالۆن (لای چەپ) و وەزیری پەروەردەی عیراقی موحەممەد تەمیم. وێنە: رێکخراوی WFP

# رێکخراوی تەندروستیی جیهانی ئەتلەسی تەندروستیی دەروونی رادەگەیەنێت

رێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) لە ١٣ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ (ئەتڵەسی تەندروستیی دەروونیی ساڵی ٢٠١١)ی راگەیاند کە سەرچاوەیەکی بەردەستی جیهانیی تەندروستیی بیروهۆشە بۆ بەرگریکردن و رەواندنەوەی پشێوییە دەروونییەکان و هەروەها بۆ یارمەتیدان لە پاراستنی مافەکانی ئەو مرۆڤانەی لەم جۆرە دۆخانەدا دەژین.

(ئەتڵەس)ەکە داتای لە ١٨٤ وڵاتی ئەندامی رێکخراوی تەندروستیی جیهانیی وەرگرتووە کە

٩٨٪ی دانیشتوان دەگرێتەوە. ڕاستی و ژمارەکانی ناو ئەم بڵاوکراوەیە نیشاندەری ئەوەن سەرچاوە سەبارەت تەندروستیی دەروونی هێشتا وەك پێویست نین و بڵاوکردنەوەی ئەم سەرچاوانە لەسەرتاسەری هەرێمەکاندا لەڕاستیدا نایەکسانە و بگرە لە هەندێ وڵات هەر زۆر کەمیشە. دەرئەنجامەکانی ئەم ئەتڵەسە جەخت دەکەنە سەر فراوانکردنی بەپەلەی سەرچاوەکان و چاودێریی تەندروستیی دەروونی لەناو وڵاتەکاندا.

## ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی یادی ڕۆژی جیهانی خۆراك دەکاتەوە لە عیراق

ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی لە ١٥ی تشرینی یەکەم یادی (ڕۆژی جیهانی خۆراك)ی کردەوە بە زەقکردنەوەی دەوری گرنگی یارمەتیی خۆراکی لە کاتی قەیرانە مرۆییەکاندا کە دەبێتە مایەی هەستانەوە یەکسەر دوای کارەساتەکان و خۆگرتنەوەی پێویست بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك.

فریاگوزاری و هەستانەوە و خۆگرتنەوە ٣ کۆڵەگەی کارەکانی ئەم ڕێکخراوەن لە زیاتر لە ٧٠ وڵاتی جیهاندا کە تێیاندا (بەرنامە)کە ئەمساڵ توانیویەتی یارمەتی خۆراکی بۆ نزیکەی ١٠٠ ملیۆن کەس دابین بکات.

لەمبارەوە بەڕێوەبەری ڕێکخراوەکە لە عیراقدا ئێدوارد کالۆن وتی "لەکاتێکدا دۆخی ئاسایشی خۆراك لە عیراق بەرەو باشتر چووە بەڵام گرنگە کە بزانین هێشتا نزیکەی یەك ملیۆن کەس پێویستییان بە هاوکاریی خۆراکی هەیە و هەر بۆیەشە کە ئەم ڕێکخراوە لە نزیکەوە لەگەڵ حکومەتی عیراق کار دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم خەڵکانە یارمەتییان پێگەیشتووە".

## کۆمپانیاکان لە عیراق دەچنە پاڵ (ڕێککەوتنامەی جیهانی) بۆ گەشەدان بە جێبەجێکردنی کاری بەرپرس

لە ڕووداوێکی مێژووییدا، سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDP) لە ١٥ی تشرینی یەکەم (ڕێککەوتنامە جیهانی)یان ڕاگەیاند.

مەبەست لە دەستپێشخەرییە جیهانییەکە بەهێزکردنی دەوری کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی جێبەجێکردنی کاری بەرپرسە لەڕێگەی هاوبەشکاریی دووڕەمەودا و پابەندییەکانی مافی مرۆڤ و پێوەرەکانی کار و پاراستنی ژینگە و واڵایی لە هەڵسوڕاندنی کاردا.

لەمبارەوە جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگسازی نیشتەجێ و مرۆیی لە عیراق خاتوو کریستین ماکناب وتی "ئەم چالاکییەی ئەمڕۆ گەشە بە (بەرپرسیاریی کۆمەڵایەتیی کۆمپانیاکان) لە کەرتی تایبەتی عیراقی دەدات کە ئەمەش هەنگاوێکی ترە عیراق و کەرتە تایبەتەکەی دەخاتە ناو کارنامەی کاری جیهانییەوە وەك هاوبەشکارێکی سەرەکی لە ناوچەکە و سەرتاسەری جیهاندا".

لەم مانگانەی دواییشدا، زیاتر لە ٣٠ کۆمپانیا و ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و پرۆژەی هەمەنەتەوەیی، کە لە عیراق کاردەکەن، بە فەرمی چوونەتە پاڵ (ڕێککەوتنامە)کە و ئەمەش بەڵگەی بەرزبوونی بەرچاوی وشیاری و بەشداربوونی کۆمەڵگاکانی کاری عیراقی و جیهانییە.

## سەکۆیکارێك بۆ تەواوکردنی نەخشەڕێگای کەرتی تەندروستیی عیراق

لە ١٨ تا ١٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ سەکۆیکارێکی دووڕۆژی لە عەممانی پایتەختی ئەردەن ئەنجامدرا بۆ تەواوکردنی (نەخشەڕێگا)ی جێبەجێکردنی (بەرنامەی تازەباوکردنی کەرتی گشتیی عیراقی) .

(نەخشەڕێگا)یەکە بۆ کەرتی تەندروستیی عیراقی دروستکراوە و پێنیاری مۆدێلێکی خزمەتگەیاندن بۆ ڕێکخراوەکانی پزیشکیی خێزانی و نەخۆشخانە گشتییەکان و بنکەکانی خزمەتگوزارییە نایابەکان دەکات. دەستپێشخەرییەکە پێشنیاری پلانێکی ١٠ ساڵە دەکات بۆ تازەباوکردنی کەرتی تەندروستی لە عیراقدا.

بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی تەندروستیی عیراقی د. چاسیپ عەلی ئەلشەموسی سەرۆکایەتیی کۆبونەوەکەی دەکرد و ٣٠ ئەندامی (لیژنەی ڕاوێژکاریی وەزاری) و شارەزایانی بواری تەندروستی و گەورە کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی لە پارێزگا سەرەکییەکانی عیراق،بە ئەندامانی لیژنەی ڕاوێژکاریی وەزاریی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، ئامادەبوون.

## شارەزایان شێوازی دەستنیشانکردنی منداڵە هەرەبێبەشەکانی عیراقیان پوختەکرد

شارەزایانی بواری خۆشگوزەرانیی منداڵان لە ٢٠ تشرینی یەکەمی ٢٠١١ کۆتاییان بە سەکۆیکارێك هێنا کە بۆ پوختەکردنی شێوازی داهێنەرانەی دەستنیشانکردنی ئاستە جۆراوجۆرەکانی بێبەشبوون لەناو منداڵانی عیراق ئەنجامدرابوو.

بەشداران لە (نوسینگەی ئاماری ناوەندی) و (نوسینگەی ئاماری هەرێمی کوردستان) وچەند زانکۆیەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و ئاژانسەکانی نەتەوە



لە ١٥ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ و لە دەسپێکی ڕاگەیاندنی (ڕێککەوتننامەی جیهانی )دا، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگسازی نیشتەجێ و مرۆیی لە عیراق خاتو کریستین مکناب قسە بۆ بەشداربووان دەکات لە بەغداد. وێنە:بیکەم ئەکبەرزادە /بەشی ڕاگەیاندنی یونامی

یەکگرتووەکان لە عیراق و ڕێکخراوی یونیسێف بە نیشاندەرە ئامارییەکانی پەیوەست بەمنداڵاندا چوونەوە.

سەکۆیکارە ٣ ڕۆژییەکە جەختی کردبووە سەر چوارچێوەیەکی حکومەتی عیراق و یونیسێف کە پێشترئەو پرسە سەرەکییانەیان دەستنیشانکردبوو کە منداڵان لە چەندا قۆناغی جۆراوجۆری ژیانیاندا، هەر لە کۆرپەیی تا دەگاتە تەمەنی ١٧ ساڵە، ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

بەکارهێنانی پرسە پێشتردەستنیشانکراوەکان و قۆناغەکانی سووڕی ژیان لە شیکارە بەراییەکان، کە چەند دەرئەنجامێکی سەلمێنەریان نیشانداوە کە بە تەواوبوونیان ڕێنموونی حکومەتی عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان و تەواوی پەیوەندیداران دەکەن بۆ پەرەپێدانی بەهاناوەچوونی ئامانجداری تۆێژە هەرە بێبەشەکانی دانیشتوان لە کۆمەڵگەی عیراقیدا.



ئەندازیارانی عیراقی لە ٢٣ تا ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ بەشداری لە خولێکی پێشکەوتوو دەکەن سەبارەت بە کارپێکردن و بایەخدانی ڕێگر بۆ دەزگاکانی چاودێریی تەندروستی. وێنە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی

## کارمەندانی نەخۆشخانەیەکی عیراقی بەشداری لە سیمیناری پاراستنی خۆپارێزیی دەزگاکانی چاودێریی تەندروستی دەکەن

١٢ ئەندازیاری عیراقیی نەخۆشخانەی منداڵان و لەدایکبوونی فەلوجە لە ٢٣ تا ٢٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ بەشدارییان لە سیمینارێك كرد سەبارەت بە هەڵسوڕاندن و پاراستنی خۆپارێزیی دەزگاکانی چاودێریی تەندروستی.

خولەکە، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی عیراقی و نووسینگەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانییەوە لە عەممانی پایتەختی ئەردەن جێبەجێ کرا، بووە بناغەیەکی پتەوی کردیی بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکانی (بەڕێوەبردنی پاراستنی خۆپارێزی).

ڕاهێنانەکە بووە مایەی دەستنیشانکردنی ئەو ئامرازانەی پێویستن بۆ پلاندانان بۆ هەنگاوە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی خۆپارێزی و هەروەها بۆ دڵنیابوون لە باشیی کارمەندان و ئەو خزمەتانەی پێشکەش بە نەخۆش دەکرێن.

## سەکۆیکارەکەی هەولێر تەندروستیی دایك و منداڵ دووپات دەکاتەوە

وەك بەشێك لە هەماهەنگیی نێوان ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوسینگەی عیراقی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی لە ٢٨ تا ٣٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠١١ بەشداریی لە (سەکۆیکاری تەندروستیی دایك و منداڵ و بەرنامەی خۆراکپێدان) لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراق کرد.

لەم سەکۆیکارەدا ، ٣٥ بەشداربووی وەزارەتی تەندروستیی هەولێر و بەغداد و بەرپرسانی تەندروستی و خۆراکپێدان لە پایزگاکان و شارۆچکەکان و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگراتووەکان بەشدارییان کرد.

سەکۆیکارەکە ژمارەیەك پرس و گرفتی دەستنیشان کرد کە ڕووبەڕووی تەندروستی و خۆراکپێدانی دایکان و منداڵان دەبنەوە. هەریەکیان لە چەندان گۆشەنیگاوە لێی کۆڵدرایەوە بۆ بەرهەمهێنانی زانیاریی زۆر باش و متمانەدار لەکاتی خۆیدا و هەروەها لەگەڵ دڵنیابوونیش لەوەی کە بەشی بەکارهێنانی پەیوەنیدداران دەکات.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەککگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: ڕادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسری

نوسیار: کرێستۆفەر سێسمانیك

دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

**لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق ٢٠ ئەندامی هەیە، ١٦ لەوانە نیشتەجێن و ئەوانی تر نیشتەجێ نین. ئەندامەکانی ئەو تیمە ئەمانەن:

ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆراك و کشتوکاڵ (FAO) و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار (ILO) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (OCHA) و نووسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ (OHCHR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ یەکسانیی جێندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان (ئافرەتانی نەتەوە یەکگرتووەکان UN WOMEN) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان UNDP و ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی ڕۆژئاوای ئاسیا (ESCWA) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری (یونیسکۆ UNESCO) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ژینگە (UNEP) و کۆمیسیاریای باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نیشتەجێکردنی مرۆیی (UN-Habitat) و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتوان (UNFPA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ تاوان ومادە هۆشبەرەکان و (UNODC) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزارییەکانی پرۆژەکان یونۆپس (UNOPS) و بەرنامەی خۆراکی جیهانی (WFP) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی(WHO ). سەرباری دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەریەك لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچ (IOM) و بانکی نێودەوڵەتی ئەندامن لە تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وڵاتی عیراق.